حەماس لەبارەی خاوەندارێتی غەززە وەامی ترەمپ دەداتەوە

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی حەماس ، لەوەامی سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند، غەززە موڵکێک نییە کە بتوانرێت بکەدرێت و بفرۆشرێت، ئەمەش دوای ئەوەی ترەمپ وتی ئامادەیە خاوەندارێتی غەززە بکات.

ئەمە دووشەممە ١٠ـی شوباتـی ٢٠٢٥، عیزەت ئەشق، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی حەماس، لەڕاگەیەنراوێکدا جەختیکردەوە، فەلەستینییەکان هەموو ئەو پلانانە هەڵدەوەشێننەوە کە مەبەستیان ئاوارەکردنیانە.

ئاماژەی بەوەش داوە ،غەززە موڵکێک نییە کە بتوانرێت بکەدرێت و بفرۆشرێت، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوە لە خاکە داگیرکراوەکانی فەلەستین.

ئەمەش دوای ئەوە هات ، دەناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند، پابەندە بە خاوەندارێتیی غەززە و وەرگرتنی پێنابەرانی فەلەستین و مافی پێنابەرێتی بە هاوڵاتییانی فەلەستینی دەدات لەئەمریکادا.